www.kurdistannet.org
03/03/2003 23:55

# نامەیەکی نهێنی لە سەددامەوە بۆ بۆش

گۆران هەڵەبجەیی

لە بەندەی بچووك و زێدە موخلیسی بەر قاپی كۆشكی سپییەوە

بۆمەزنترین و جەبەرووتترین سەرۆكی ئەم كەونە

سلاو و رێزو كوورنووشمان قەبووڵ بفەرموون.

گەورەم زۆر دوودڵ بووم لەنووسینی ئەم نامەیەدا، چاوەڕێبووم كە ئەم هەراوهوریایەی لە ئارادایە هێورو خامۆش بێتەوەو كار بگەرێتەوە دۆخی جارانی. بەڵام بەنیگەرانیەوە دەبینم بەرەو ئاستێكی مەترسیدارهەنگاو دەنێت.

بۆیە ناچاربووم ئەم نامە نهێنیە ئاراستەی جەنابتان بكەم وتێیدا ڕاشكاوانە هەمووشت بدركێنم تا لەو گەمەی ئاوورە وەئاگاتان بهێنمەوە كە بێگومانم پریشكیشی بەر خۆتان دەكەوێت.

تا نووسینی ئەم نامەیاش وام هەستدەكرد ئەم هەرایەش گەمەیەكی دیكەی نێوانمانبێت وەك گەمەكانی دیكە وەلێ دیارە لەنێو ئیدارەكەتاندا كەسانیكی نامەسئول وهەڵەشەوبیرتەسك هەن كاردەكەن بۆ وەلادانی من .ئەویش بەو بەهانەیكە گوایە ئیدی من كەڵكی خزمەتكاریم نەماوەو ناتوانم بەرژەوەندیەكانتان بەچاكی بپارێزم. یاخود دەشێ گومانتان لە دڵسۆزیم پەیداكردبێت.

سەرەتاگەرەكمە بیهێنمەوە یادی جەنابتان{بێگومان لێی ئاگادارن} كە چلۆن دەسەڵاتمان وەرگرت. یەكەمجار لەساڵی{ ١٩٦٣} دا بە شەمەندەفەرەی وڵاتەكەتان گەشتینەدەسەڵات، وە توانیمان عێراق وناوچەكە لەترس وهەڕەشەی شورەوی و كۆمۆنیست ڕزگاربكەین كەلەودەمەدا زۆر بەهێزبوون بەمجۆرە بەرژەوەندیەكانی وڵاتەكەتان وهاوپەیمانەكانتانمان پاراست . وەلێ بەهۆی ناتەبایی وناهەمواری بارودۆخی عێراق و ناووچەكەوە لەدەسەڵات دووركەوتینەوە .لێ ئێمە لەهەلێك دەگەڕاین كە بە كۆمەكی وڵاتەكەتان دەسەڵات وەرگرینەوە. ئەوەبوو بەئاواتمان شادبووینەوە وبەخوازیاری ئێوە بۆ دووەمجارساڵی { ١٩٦٨} بووینەوە حوكومدار وەئێوەشمان دڵنیاو ئارامكردەوە لەنەگەشتنی شوعیەكان بەدەسەڵات كەخۆیان بۆمەڵاس دابوو.

لەوڕۆژەوە تا ئەمڕۆكە {٣٤}ساڵی ڕەبەقە بەردەوام لەخزمەتی ئێوەدابووگین . تائێستاش بەهۆی لووتف و ڕەزامەندی سەرۆكە یەكبەدووای یەكەكانی وڵاتە مەزنەكەتانەوە ماوینەتەوە{بەبوورن لە ناونەهێنانیان چوونكە ئەوەندە زۆرن وئەوەندەش زووزوو گۆڕاون لەیادم نین} . چاكیش لام روونە سەرپێچی وڵاتەكەتان چ ئاكامێكی لێدەكەوێتەوە وە هەندێ لەو ڕژێم وسەرۆكە سەرپێچیكەرانەش لەیادمدان كە بەچ دەردێك چوون.من هەر نانێكم خواردبێت نانێكیشم كردوە بەخێر بۆ سەروەری و مەزنی ئەمەریكا كە بەهۆیەوە ئەم خۆش گووزەرانی و ناوو سامانی فرەو دەسەڵاتی ڕەهام دەستكەوتووە.

من هەرگیز دژ بە خواست وسیاسەتی وڵاتەكەتان رەوتارم نەكردووە، وە گەر جارووبار بارگرژیەگ لە نێوانماندا ڕوویدابێت ئەوە لە گەمەیەك یا شانۆگەریەك بەولاوە هیچیی دیكە نەبووە كە لەوەوبەرلەسەری كۆكبووین.

ئەوەش بۆ ئەوە بووە كە وانیشان بدەین گوایە دژی ئەمەریكاین. چوونكە بەڕیزتان وسەرۆكەكانی بەرتریش دەركتان بەوەكردووە كە بەداخەوە وڵاتێكی

مەكروە ورەزاتاڵن وەلێ لای ئێمە نا.

گەرەكمە ئەوەشتان وەبیربهێنمەوە كەمن وەك سەددام ورژێمەكەشم وەك حیزبی بەعس لەمێژووی دەسەڵاتماندا مەزنترین خزمەتمان بە وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا گەیاندووە كە لەم خاڵانەدا چڕیاندەكەمەوە :

- وەك لەوەو بەر ئاماژەم پێدا رێگەماننەدا شوعیەكان حوكوم بگرنە دەست بەمەش وڵات و دەڤەرەكەشمان لەوە دوورخستەوە كەبیبێتە بنكەیەكی سۆڤیەت.
- بەربەستێكی مەزن بووین لەبەردەم بڵاوبوونەوەی پەتای شۆڕشی ئیسلامی شیعە مەزهەبدا. ئەویش بەهۆی جەنگی هەشتساڵەی نێوانمان كەلەبڕی ئێوەوڵاتانی كەنداو بەرپامكرد.هەروەها لەرێگەی سەركووتكردنی شیعە ئاژاوەچیەكانی باشووری وڵات كەبەفیتی ئێران بزووان.

- بەردەوام هەلگیرسانی ئاشووب و درووستکردنی ناکۆکی و ناتەبایی لەنیو ولآتە عەرەبیەکاندا ٠ بەئەندازەیەك کاریگەربوو کە ئەو قەزاافیە شێتەی شەیدای{وەحدەی عەرەبی}نەفرەتی لەعەرەببوونی خۆیکردوو بەیەکجاری مالآوایی لێکردن و بەرەو ئەفریقا سەریخۆی هەلگرت وئێستا ئەفریقاچێتی دەکات٠
- بلآوکردنەوەی ترس و دلەڕاوکێ لەنێو دەسەلآتدارانی دەڤەرەکەدا ئەمەش وایلێکردن بۆ خۆپاراستن پەنا بۆ ولآتەکەتان ببەن ٠هاوکات بەکڕینی چەکێکیفرەش بڕشت وبەرەکەتیان خستە بازاڕی چەکفرۆشەکانتانەوە٠
- کزو کەنەفت وڕسوا کردنی هزری ناشیونالیستی عەرەبی لەئاکامی شکست هێنانی ئەو درووشمە بریقەدارانەی کەبەناوویانەوە بلندم دەکردنەوە٠ گەر تا ئێستاش کەسانێك وەك عەلی عەسقەلان و موحەمەد موسفیڕو عەبدولباری عەتوان و هاشم مەتەرلەساغوسەلاماتی ئەو هزرە دەدوێن ئەوە لە سوکی وسەغلەتیانە و هاوارەکانیشیان چەشنی حەپەی سەگەلی دووی کاروانە٠
- هەرچیش پەیوەندی بە کوردەوە هەیە دەزانم کە دۆزەکەیان هەستیارو مەترسیدارە و لەچەند ولآتێکی دیکەی دەڤەرەکەداهەن کە هیچکام لەو حکومەتانە خوازیارنین ئەوکوردانە بەئاواتەکانیان بگەن ٠ نەشای کۆنە دۆستان ونە ئایەتولآکانی ئێستاوئەتاتورکیەکانیش لەگەلّ چارەسەردا ن ٠ بۆیە منیش بەزەبربووم لەتەکیاندا وە دۆزەکەشیانم ئالۆزترکردووە، بەمەش گرفتم نەبۆخۆمان ونەبۆ دۆستەکانت درووستکرد، وێرای ئەوەی وەك ئاگادارم تاهەنووکەش ئیدارەکەتان بیری لە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکەیان نەکردووەتەوە، وەپێدەچێت ئەم گلەش بەگورگانخواردبدرێن و بکرێنە پاروویەکی چەوربۆ گورگە بۆرەکانی تورکیا٠
- ڕۆلێکی شایستەو کاریگەرم لە ناکۆکی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا وازیکردووە کە هەمیشە لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا بووە٠ هەرجارێکیش هەلۆێستێکی بەڕوالەت توندووتیژم نیشاندابێت وەك { هاوێشتنی بڕێك ڕاکێت ڕووەو ئیسرائیل، ناردنی سوپا بۆ سوریەو ئوردن، پێکهێنانی سوپای قوودس} ئەوە لە خۆلکردنە چاوی عەرەب بەلاوە شتێکی دی نەبووە٠ ئیمە بەردەوام پەیوەندی نهێنیمان لەگەل ئیسرائیلدا هەبووە لەکۆتایی حەفتاکاندا نزار حەمدون چەندین جار بەنهێنی مۆشی شاحالی بینیوە، ، تەنانەت ئیسرائیلیەکانیش خۆیان ئەو کارەیان ئاشکراکرد٠ جێی خۆیەتی بیهێنمەوەیادتان کەلە هەفتاکاندا لەودەمەی بزاڤی فەلەستینی بەهێزوبەتوانابوو لەودەمەدا ئیمەو مۆساد پێکەوە چەند سەرکردەیەکی ڕادیکالی فەلەستینیمان ڕاوکرد وەك کمال ناسر و کمال عەدوان وغەسان کەنەفانی لەلایەن مۆسادەوە سعید حمامی وعیزەدین قەلەق وچەنددانەیەکی دیکە لەلایەن موخابەراتی ئێمەوە ٠ بۆیەزۆربەگرنگی دەزانم بەڕیزتان لەئاکامەکانی ئەو نیازە مەترسیدارە ئاگاداربکەمەو کەبەم جۆرە دەیبینم:
- سروشتی خەلکی عێراق پێویستیبە سەرۆکی بەهێزو حەددی هەیەکە ژیان وچارەنووسی هاوولآتیان لەمشتی خۆ بگرێت٠جامن ئەو خەسلەتانە لە هیچکام لە سەرکردە بەناو ئۆپۆزشیۆنەکاندا بەدیناکەم، تێیاندایە کۆنترۆلی هاوسەرەکەی پێناکرێت چجای ولآتێك، هەندێکیشیان هێندە گەلحۆن دەستوورو یاسا فیدرالی وکۆنفیدرالی لێك جیاناکەنەوە٠
- لەبەرئەوەی عیراق ولآتێکی فرەنەتەوەو مەزهەبە تائەم دەمەش من بە هۆی جەبەروتی خۆمەوە پێکەوەم گرێداون دیارە هەمووشیان لەفرسەتێك دەگەڕێن تا مەرامەکانیان وەدیبهێنن٠ ئەو دەمە لەبری حکومەتێك چەندین حکومەتی وەك عەرەبی کوردی تورکومانی کلدانی ئاشوری ئەرمەنی شیعە سوونی سائیبە یەزیدی حەققە کاکەیی درووست دەبن٠ جائەمەش ئۆتۆماتیکی هەلگری تۆوی گەرمترین{ حەربی ئەهلی}

یە لە هەناویدا بەجۆرێك کە ئەوانەی لوبنان وسۆمالّ و یوغوسلافیاو

ڕووان‌دا لەچاویدا شەڕە قۆچەقانی بن٠

- مەترسی ولآتە دراوسێکان زیاتدەکات وپێدەچێت ئەوانیش یەکی

پارچەیەك بۆخۆیان ببڕن بەتایبەتی کەمالیستەکان کەلەمێژە لیکیان بۆ کەرکوك موسلّ دەتکێ

- پەیدابوونی ناکۆکیی وئاژاوە ومشەخۆری وگەندەلی لەنێو بەرپرسە نوێکاندا ئەمەش بۆخۆی فەوزایەکی ئیداری درووست دەکات کە سەروبەری دیارنابێت٠

www.kurdistannet.org
03/03/2003 23:55

- هاتنەكایەی جۆرێك لەدیموكراتی كە لەتەك سیاسەتتانا اناگونجێت، من خۆم بەسەرسەختترین داكۆكیكەرلە دیموكراتی دەزانم لێ جێبەجێنەكردنی ئەو ئەركە پیرۆزە دەگەڕێتەوە بۆ نا ڕەزامەندی وڵاتەكەتان لە دیموكراتیەتی ڕژێمە دۆستەكانتان، بەڵگەشم پشتگیریتانە لەو وڵاتانەی كە هەوای دیموكراتیەت بە ئاسمانی وڵاتەكەشیانا گوزەی نەكردووە. جا گەر ئێستا تێفكراون ئەو سیاسەتە هەڵەبووە وئاكامی
 خراپیشی هەبووە بۆتان، ئەوە مەسەلەیەكی دیكەیە .

گەر خواكردی و لەكەلی شەیتان هاتنە خوارەوە و دەستبەرداری ئەم گەمە خەتەرناكەبوون ئەوا منیش لەبری ئەوەدا گفتدەدەم كە پتر لەرابووردوو دڵسۆزو خزمەتكارتانبم و هەردەم ملكەچی فەرمایشەكانتانبم . وەبۆ سەلماندنی بەڵێنەكانم دەستبەجی سیاسەتێكی نوێ دەگرمەبەر كە بریتیدەبێت لە:

- دەسەڵاتی فیعلی دەدەمەدەستی ئێوە خۆ گەر دەسەڵاتێكی كارتۆنیش بەمن ڕەوابببینن ئەوا رۆژانە شوكرانە بژێریتاندەكەم.
- ئەو نەوتەی كەفەری بۆ ئەم وڵاتەنەبووە هەر ئێوە دەزانن سوودی لێوەربگرن جا بەئارەزووی خۆتان چ لەو ئاڵتوونە ڕشە بێفەرەدەكەن بیكەن .
- پێشنیار دەكەم سوپاكەشم بكەنە سێبەری سوپای ئەمریكی یانی گەر نیازی تەمێكردن یا داگیركردنی وڵاتێكتان بوو ئەوا پێویست ناكات سەربازە چاوشین وخۆرتەكانتان بەكووشت بدەن، لەبریان {ئەبوو خەلیل}ەكانم بدەن بەكووشت. بەینی خۆشمان بێت سەربازەكانم بێجەنگ هەڵناكەن، لەو ڕۆژەی سوپای عێراقی هەیە هەرلەجەنگدابووە.
- من هێندە پارەم هەیە تادەپشتی دیكەش هایلایف پێیدەژین، جالەبەرئەوە پیویستم بە پارەی داهاتی نەفت ومەفت نابێت .
- سێ ژنی ئاشكراو چەنددانەیەكی نهێنیشم هەیە وێرای ئوم عودەی ئەوانی دیكە هەدیەبن بۆ كاربەدەستە نوێكانتان ئەوانەی لەداهاتوودا ڕۆڵی دەسەڵاتی فیعلی وازیدەكەن . نەبەخشینی ئوم عودەیش تەنها لەبەرناشیرینی و بەساڵاچوونیەتی وهیچی دیكە.
- بۆئەوەی لەگرفتی كوردەكانیش ڕزگارمانبێت ونەدەنەوەشاخ پێشنیاردەكەم ئەوحوكمەزاتیەی كە ئێستا تۆزی لێنیشتووە، هەندێك جوانكاری تێدابەكەین و پێیانبفرۆشینەوە.
- دەزانن بەهەزارەها پەیكەرم لەهەموو كووچەو شەقامەكاندا هەیە، فەرماندەدەم هەر هەموویان بڕوخێنن و لەجێیان پەیكەری قەشەنگترو شیاوتربۆ بەڕێزتان بەرزبكەنەوە. {لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم لای ئێوە پەیكەر بۆكەسێك ناكەن كە لەژیاندامابێت} .
- ناوی زۆربەی شەقام وگەڕەكەكانی بەغداد دەگۆڕم بۆ ناوی سەرۆكە یەك لەدووای یەكەكانی وڵاتەكەتان. بۆنمونە سەقامی سەعدون {ئەوسەرۆك وەزیران وسیاسەتمەدارەی لەداخی داگیركەر خۆی كوشت }دەكەینە شەقامی بۆش هەروەها پەیكەرەكیشی دەگۆڕین بە پەیكەرێك بۆ بۆشی باوكت.
- بۆئەوەی بیسەلمێنین كە پابەندی وڵاتەكەتانین ئاڵاكەشمان دەگۆڕین .لەبری سێ ئەستێرەكە سێ دانە لەپەیكەری نیۆیۆركی سوومبوڵی ئازادی دەنێینە شوێنیان، دەزانم زۆریش حەساسن بەرامبەر بە ئیسلام بۆیە ئەلاوئەكبەرەكش دەسرمەوە، كە بۆ لەخشتەبردنی موسڵمانەكانی جیهان دامنا كەبەچاكی جێی خۆی گرت.
- لە هەر شەقامێكدا ماكدۆناڵێك دەكەمەوەو لەڕێگای چەندین كورسیشەوە خەڵكان هاندەدەین بۆ ڕاهاتن بە خواردنی ماكدۆناڵ .
- لە پایتەختدا گۆڕەپانێكی مەزن هەیە بەنێوی{ گۆڕەپانی ڕزگاری}لەوێدا كەسێكی سەرلێشێواو بەنێوی جواد سەلیم كاتی خۆی جداریەكی درووستكردووە كە هەربەلای شوعیەكانەوە پیرۆزەو وابزانم هەر ئەوانیش لێیتێدەگەن . ئەوە هەڵدەوەشێنینەوە و لەجێگەی جداریەك درووستدەكەین لەچەشنی چەند كاوبۆیەكی تەكساسدا، گۆڕەپانەكەیش ناودەنێین تەكساس.هەرچی گۆڕەپانی دیكەش هەیە بەناوی شارەكانی دیكەی ئەمەریكاوە ناویان دەنێین.

- زۆرلەقوتابخانەكانمان بنێوی زانا وپیاوە ناودارەكانی عەرەبەوە نێونراون، ئەوانەش سەرجەم دەگۆڕین بۆ ناوی هونەرمەندو ئەكتەرەكانی لەمەڕخۆتان وەك مادۆنا مایكڵ جاكسون سلفستەرستالۆن و جۆدی فۆستەرو تاد.
- هەندێك لەشەقامەكانی بەغداد بەنێوی پایتەختی وڵاتە عەرەبییەكان نێونراوون، سەرجەم دەكرێنە ناوی پایتەختەكانی سەربە ولایەتەكانی ئەمەریكا.
- گەرگەرەكتانبوو لەهەرقووژبنێكی ئەم جیهانەدا كەسێكی ناحەزتان لەنێوبەرن ئەوە بە ئێمەی بسپێرن چونكە ئێمە لەوبوارەدا پسپۆڕین زۆربەسانایی بۆتان فتدەكەین.
- ئەو ئیبنولادنەی كەلێتان بووە بە چیای هیمالایاو شەوانەش خەوی ترسناكیپێوەدەبینن من گەرەنتیتان دەدەمێ كە بەماوەیەكیكوورت ڕیشی موبارەكی بگرم و تەسلیمتانی بكەم.
- لەسەرەتادا ئامـاژەم پێدا كەمن خزمەتیكی مەزنی دۆستی هەمیشەیتان ئیسرائیلم كردووە جائێستاش بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو خزمەتە بەم كارانە هەڵدەسم:
- گرێدانی پەیوەندی دبلۆماسی وئابووری و بازرگانی وڕۆشنبیری وكەشتیاری.
- كردنەوەی سەفارەتی ئیسرائیلی لەو تەلارەی كەئیستا گوایە سەفارەتی فەلەستینە، بەشادیەوە خۆشم ئامادەی كردنەوەی سەفارەتەكەیان دەبم.

لەزۆربەی شاروشارۆچكەكان قەنسولیەتی ئیسرائیلی دەكەینەوە.

- خوێندنی زمانی عیبری دەكەینە وانەیەكی گرنگ ولە پۆلی یەكەمی سەرەتاییەوە دەخوێنرێت.
- بۆ چارەسەری گرفتی پەنابەرە فەلەستینیەكان كەئیسرائیل بەهیچ كلۆجێك ئامادەنیە بگەرێنەوە، من پێشنیاردەكەم هەرهەموویان ئەوانەی سوریاو لوبنان وئوردن و وڵاتانی دیكەی عەرەبی لە خاكی بەپیت وبەرەكەت وئاوهەوای سازگاردا لە شیمال حەبیبدا بۆ هەمیشەیی نیشتەجێیان بكەین.
- ناوی گەرەك و شەقامی فەلەستین دەگۆڕم بۆ گەرەك وشەقامی ئیسرائیل
- ئەو جەمال عەبدول ناسرەی لەتووندرەوی ودژایەتی ئیسرائیلدا هاوتای نەبوو وەهەر بە ئاهوحەسرەتی فەلەستینیشەوە دڵی وەستا، گفت دەدەم ئاسەواری لەلای خۆمان بسڕمەوە٬ ئەویش بە مەحفكردنی هەرچشتێك بۆنی ئەوی لێبێت وە گۆڕەپانی ناسرلەپایتەخت دەكەمە گۆڕەپانی بن گۆریون .
- هەرچی سەركردەو سەرۆك حكومەتی ئیسرائیل هەیە{مردو زیندو}لەگۆڵدامائیرەوە تا مۆشی دایان ئیسحاق شامیر ئیسحاق رابین مناحیم بیگن شەمعون پەریز باراك و ناتانیاهو تاد٬ هەریەكەیان لەسەرجەم باژێرەكانی وڵاتدا گەرەكێك و شەقامێك بەناویانەوە ناو دەنێم.
- شارۆنیش شوێنی تایبەتی هەیەلام وزۆریش{موعجیبم}پێی چونكە بەزەبرەو هەمان سیاسەتی من پەیرەو دەكات . من چۆن ڕەوتارم لەتەك كوردەكاندا كرد ئەویش تا ڕادەیەك هەمان شت بەرامبەر بەفەلەستینیەكان دەكات.
- جا لەبری خۆشەویستیم بۆئەو مرۆڤە بەسامە كەلە لولەی دەبابەكانییەوە دەروانێتە ئاشتی، بڕیاردەدەم پەیكەرێكی مەزن بەقەوارەی خۆی لە دەروازەی وەزارەتی بەرگری {سومبولی هێزو وێرانكاری} بۆ درووست بكەن.
- هەروەها فەرماندەدەم وێنە جوانەكەی كەبەوێنەی وورچی ئەلاسكا دەچێت لە هەردوو ڕووبەری تی شێرت نەخشیكەن وەهەرهاووڵاتیەك چ پیاو چ ژن چگەورە چ گچكە دانەیەكی بەركەوێت.
- بیستوومە ئیسرائیل بەنیازە ئاوی خواردنەوە لە توركیا بكرێت .من ئەوەندەی ئاو بۆدەنێرم لە ئاوی دجلەو فورات پاش{ پاكتاوكردنی}تا لێشیان زیادبێت و ئاوی بەخ وباخاتیشی پێبدەن.
- دەستووردەدەم یەك بۆری نەوتی خاوێن لە كەركوكەوە تا ناوخاكی پیرۆزی ئیسرائیل بە تەریب لەتەك بۆریەئاوەكەدا درێژبكرێتەوە بە چەشنێك هیچ جۆرە قفلۆ مفلێكی نەبێت تا ناحەزان نەیگرنەوەو بێنەوتیان بكەن.

لە كۆتایدا گەرەكمە بێژم واتێمەگەن ناوەڕۆكی نامەكەم دەربڕی كزی و بێدەسەڵاتیمە. گەربڕواناكەن تائێستاش من مەزنترین لایەنگرو جەماوەرم هەیە بەتایبەتی لە وڵاتە ئیسلامیەكاندا . دەتوانم بێژم لەئاستی بنلادندام . تەنها لەوڵاتێكی وەك

ئەندەنوسیادا ٤٠٠هەزار تی شێرتی بەوێنەیمن لەمەودای چەند ڕۆژێکدا فرۆشرا بەرامبەربە ١٠٠ هەزارلە وێنەی بن لادن٠ من ئەوەندە سیحراویم توانیومە بەهەلۆێستی درۆو درووشمەکانم نەك تەنها ناسیۆنالیستەکان بەلکو ئیسلامیەکان وچەپەکانیش لەخشتەببەم ٠

جابۆیە ئاگادارتان دەکەمەوە کە بەقولی بیری لێبکەنەوەو واز لەم یاریە مەترسیدارە بهێنن چونکە وەك لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا زیانی بۆخۆشتان دەبێت٠

بەهیوای وەلامی دلخۆشکەر٠ بچووکتان سەدام ئیبن عۆجە

***سەرنج: دەتوانن وەڵامەکە بدەنە پۆستەچیەکەم تاریق عەزیز، خۆگەربەکەمی دەزانن وەڵامەکە بدەنەدەستی دەتوانن بەهۆی سەگە بەختەوەرەکەی بەیتول ئەبیەزەوە پێیبگەیەنن کە زۆربەخۆشحاڵیەوە لەدەمی وەردەگرێت٠ halabja@ofir. dk***

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەلاّم بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەندێ نووسیندا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت